# وەڵامێک بۆ شێرە پەڕۆینەیەک ... سامان ڕەشید محمد

لە ماڵپەڕەكاندا كەسێك بەناو (ئەردەلان عەبدوڵا) بابەتێكی بڵاوكردووەتەوە لە ژێر ناوی (حزبی شیوعی ترسنۆكترین حزبی كوردستانە) .
سەرەتا نوسەری ئەم بابەتە باشتر وانەبوو پێمان بڵێ حزبی ئازا و حزبی ترسنۆك پێوەرەكانی لای ئەو چین؟؟ بێگومان كەسێك كە باس لە ترسنۆكی بكات دەبێ خۆی زۆر ئازا بێ، جا چ جای كە باس لە ترسنۆكی حزبێكی وەك حزبی شیوعی دەكات.
هەر بۆیە ناچارم چەند گریمانەیەك بۆ پاڵەوانێتی كاك ئەردەلان دانێم. ئاخۆ ئەو لەو پاڵەوانانەیە كە لە ڕۆژانی شەڕی خۆكوژی كوردستاندا قەڵەمەكەی ژەهری ئاژاوەگێڕی دەڕشت و یەكێك لە سەنگەرە قێزەونەكانی ئەو شەڕەی ئاوەدان دەكردەوە؟ یان پاڵەوانێكی ڕاپۆرت نووسی مل شكاندنی ئەو كەسانە بووە كە ڕەخنەو نیگەرانیان لە ئەنجامدەرانی شەڕ گرتووە، یان پاڵەوانێكی بەر سێبەر و ماستاوچییەكی یەكێك لە بەرپرسان بووە و موچەی سەرلەقان و ئەشەمبیلای وەرگرتووە.
بێگومان گریمانەكانی پاڵەوانێتی كاك ئەردەلان لەوانەیە بە دڵی خۆی نەبێت خۆ گریمانەی پاڵەوانی چاكیش هەیە بەڵام بە دڵنیاییەوە شمولی ئەو ناكات چونكە كەسێك لە دونیای سیاسەتی ئەمڕۆدا لەو هاوكێشە ئاڵۆز و لێكترازاو و هەندی جار دژەكانیش كە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و كوردستاندا هەبێ بێت بە حزبێك بڵێت ترسنۆك ئەوا خۆی دەبێ جگە لەو جۆرە پاڵەوانانەی سەرەوە هیچی تر نەبێ یان لە شێرە پەڕۆینەیەك بەولاوە هیچی تر نی یە.
نوسەر بێ ئەوەی بەخۆی بزانی نەفامانە خۆی خستۆتە ناو باسێ‌كەوە كە بەئاسانی لێی دەرناچێ و گلۆڵەی پاڵەوانێتی یە گرگن ئاساكەی هێندەی تر كەوتووەتە لێژیەوە، كاتێك كە باس لە مشتومڕی ئاشكرای دوو كادری حزبی شیوعی كوردستان دەكات كە من لە نزیكەوە هیچیان ناناسم چونكە هەڵسوڕاوی ئەم حزبە نیم تەنها ئەوەندە نەبێت لە نزیكەوە ئاشنام بە سیاسەت و هەڵوێستەكانی حزبی شیوعی و لای خۆمەوە جگە لە حزبێك كە سیاسەتێكی وردبینانە و دووربینانە و بابەتیانەی هەیە هیچ لەو خاسیەت و سیما بێ سەروبەریانەی ئەردەلان باسی دەكات لە نوسینەكەیدا باسی دەكات نابینم.
بە پێچەوانەی بۆچونەكەی ئەم نوسەرەوە مشتومڕەكەی نێوان هەردوو هاوڕێ ڕەحمان غەریب و جەلال دەباغ زیاتر لە سەرنجێكی باشی لای من دروست كرد، گرنگترینی ئەو سەرنجانە ئەوەیە كە شیوعیەكان نەك تەنها دژی گەندەڵین بەهەموو جۆرەكانی یەوە تەنانەت لەناو خۆشیاندا جۆرێك لە ناكۆكی و ناتەبایی دەكەوێتە نێوانیانەوە لەبواری میكانیزمی مامەڵەكردن لەگەڵ دیاردەی مەترسیداری گەندەڵیدا.
ئەوەی من هەستی پێدەكەم ئەو دوو هاوڕێیەی حزبی شیوعی هەردوولایان كۆكن لەسەر ئەوەی حزبەكەیان دژی گەندەڵی یە و كار بۆ قەلاچۆكردنی ئەم دیاردەیە دەكات بەڵام هاوڕێ ڕەحمان غەریب ڕاشكاوانەتر بوَی چووە و لە دڵسۆزی خۆیەوە بە بەڵگەوە ناوی چەند كەسێكی لەو بەرنامەیەی (كوردسات) دا هێناوە، هاوڕێ جەلال دەباغ یش بەپێی تێڕوانینی خۆی و بەبێ ئەوەی ئەویش لەسەر بەرنامە و ڕەوتی حزبەكەی لابدات كە دژی گەندەڵی یە ئەویش سەرنجی خۆی لەسەر شێوەی دەربرینەكەی هاوڕێ ڕەحمان غەریب دەربڕیوە.
وەك كورد دەڵێت، بەكوێرایی چاوی دوژمن هاوڕێ ڕەحمان غەریب لە حزبەكەی دەرنەكراوە و بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە كە لە ڕۆژی یەك شەممە بەرواری 2006/6/25 ئەو هاوڕێ یە (ڕەحمان غەریب

وەك پەیامنێرە گورج و گۆڵەکەی ڕادیۆی ئازادی هەواڵێکی پەیامنێری بڵاوکردەوە و خۆم گوی بیستی بووم لە ڕادیۆی ئازادی. زۆرم پێخۆشە نوسەری ئەو بابەتە (ئەردەڵان عەبدوڵڵا) و ئەوانەی وەك ئەو هاوبۆچونن جارێکی تر و لەڕێگەی ئەو مشت و مڕەی ئەو دوو هاوڕێیەی حزبی شیوعی یەوە بزانن ئەوە تەنها شیوعی یەکانن کە لەسەر مافی ڕەوای خەڵکانی هەژار و زەحمەتێکش و دژ بە گەندەڵی بۆچونەکانیان لەناو خۆیاندا بەئاشکرا و بە ڕێزگرتن لە یەکتری لەسەر دیاردە ناشارستانی و مەسەلە چارەنوس سازەکانی گەل و جەماوەر ڕوون دەکەنەوە، نەك لەسەر کورسی و دەسەڵات و ململانی ی ناڕەوا و بەشکردنی بەری ڕەنجی جەماوەر یەخەی یەکتر بگرن و ناوی خۆیان و ڕێبازی حزبەکەیان ناشرین بکەن.

ئەردەڵان عەبدوڵا لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دەڵی (حزبی شیوعی لەپاش ڕاپەڕینەوە لەجیاتی ئەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوێکی سیاسی بگێڕی ڕۆڵی ڕێکخراوێکی مرۆیی وەك خاچی سوور و مانگی سوور دەبینی و ماوەیەکی زۆر ئیش و کاریان گواستنەوە و تەسلیمکردنەوەی مەیتی شەهیدانی ناوخۆ بوو بە خێزانەکانیان)، لەمەشیاندا خۆی خستوەتە حەوزەکەوە. سەرەتا دەبوو بڵی: حزبی شیوعی مەیتی کامە شەهیدانی ناوخۆی تەسلیمکردۆتەوە بە کەس و کار و خێزانەکانیان ودیارە پی ی شەرم بووە یان ویستویەتی خۆی بدزێتەوە لەوەی کە مەیتی ئەو شەهیدانە قوربانیانی هەرزانی شەڕی ناخۆی کوردستان بوون ئەو شەڕەی کە لەسەر دابەشکردنی سەروەت و سامانی گەل سەریهەڵداوە و دوایش لەسەر مێزی گفتوگۆ بەدابەشکردنی بەری قوربانیدانی جەماوەر شەڕەکەیان کۆتای پێهێنا و خوێنی دەیەها و سەدەها لاوی خوێن گەرمی کوردستانی لەبیرکراو، بەڵام (ئەردەڵان عەبدوڵڵا) سەرباری ئەوەی توشی نەخۆشی لەبیرچونەوە بووە یان لەبیری خۆی دەباتەوە کە ڕۆڵی ئاشکراو دیاری حزبی شیوعی نەك تەنها ئەوە نەبوو کە لە هیچ بەرەیەکی ئەو شەڕە نەگریسەدا نەبێت بگرە خاوەنی چەندەها پڕۆژەی ئاشتی و ئاشتبونەوە و دەستپێشخەری ئاشتی یانە بوو ئەمە جگە لە خۆپیشاندان و مانگرتن و ئیمزا کۆکردنەوە دژ بە بەردەوامی شەڕ کەچی نوسەری بابەتەکە تەنها ئەوەی لەیادە کە حزبی شیوعی مەیتی شەهیدانی تەسلیم بە خێزانەکانیان کردووە، ئەمەش هەر زۆر جی ی شانازی حزبی شیوعی یە، ئەی گوایە کاك ئەردەڵان تۆ دەتویست تەرمی ئەو شەهید و قوربانیانەش تەسلیم نەکرێنەوە بە کەس و کاریان و بەڕێز و حورمەتەوە بنێژرێن بەڵکو لەبەرەکانی ئەو شەڕە قێزەونەدا فڕی بدرێن؟؟ ئەوە چ هەستێکی مرۆیی یە لای تۆ؟؟

لە دوایشدا کە قسە لەسەر ئەوە دەکەیت شیوعی یەکان جەبهەیان لەگەڵ کۆنە بەعسیەکاندا بەستووە بۆ وەڵامی ئەم وڕێنەیەی دوایت ئەڵێم گەر خۆت هەڵناخەڵەتێنی بڕۆ مێژووی قوربانیدانی حزبی شیوعی و چەپەکان بەسەر بکەرەوە لە بەندیخانەکان و دەزگا ئەمنی و موخابەراتی یەکانی ئەو کاتە گەر ویژدانت دادوەرانە وەڵامت بداتەوە دەزانی ئەوە شیوعیەکانن کە گەورەترین قوربانی و بەهێزترین گورزی گورچکبڕیان ئاراستەی بەعسیەکان لەسەردەمی دەسەڵات و کۆنە بەعسیەکانی دوای دەسەڵات و هاوشێوەکانی ئەوان کردووە..

خۆزگە نوسینەکەت جۆرێك لە تێڕوانینی کەسێکی هۆشمەندنی تێدا بوایە ئەو کاتە مایەی ڕێز و نازیش بووی بیکەی بەسەرماندا بەڵام پوختەی ئەم پەندەی لای خوارەوە بۆ کەسێکی وەك تۆ گونجاوە کە دەڵی:

ڕێز و نازی ماندوونەناسان سەر سەرم
لە داخی شێرانی بەر سێبەر ئاوسا سەرم